www.kurdistannet.org
02/04/2002 23:36

# با له بەرامبەر چارەنووسی ١٨٢ هەزار مرۆڤی بێ تاوانی کورد دا بێدەنگ نەبین

لەیادی ١٤ ساڵەی زنجیرە تاوانە بەدناوەکانی ئەنفالدا کەبووە هۆی کوشتن و بێ سەروشوێن کردنی زیاتر لە ١٨٢ هەزار منداڵ و ژن و پیاوی لاو وپیری کورد لە کوردستانی عێراق و ڕوخاندن و وێرانکردنی هەزارەها گوند و شار و شارۆچکە لە هێرشێکی جینۆسایدیدا لە لایەن ڕژێمی سەدامی دڕندە و تاوانبار، کە لە ٢٣ ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ دەستی پێکرد و لە ٦ ی ئەیلول کۆتایی هات و هەموو دەزگا سەرکوتگەرەکانی ڕژێمی عێراقی بەشداریان تێداکرد.

لەم یادەدا داوا دەکەین لە کۆمەڵگای کورد و عەرەب و نەتەوەکانی دیکەی عێراقی و هەموو ئەوانەی بە پەرۆشی مافی مرۆڤەوەن، کەبەشداری بکەن لە بە زیندوو ڕاگرتنی ئەم یادی قوربانیانی ئەم کارەساتە. بە بەشداری کردن لە خۆپیشاندانی بەردەوامی گۆڕەپانی تراڤلگار دا لەڕۆژی ١٣ ی مانگی نیسان لە کاتژمێر دووەوە بۆ کاتژمێر پێنجی پاشنیوەڕۆ،بۆ داوای دادگایی کردنی سەدامی تاوانبار و دەست و دایەرەکەی لە سەر تاوانەکانیان دژی مرۆڤایەتی و لە پێناو ئەم داواکاریانەی خوارەوەدا:-

- دادگایی کردنی سەددام و دەست و دایەرەکەی لە سەرتاوانەکانیان.
- دادگایی کردنی (نزاالخزرجی) کە سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق بووە لە کاتی ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفالدا ئێستا لە وڵاتی دانیمارک دەژی و ڕۆڵی دیاری هەبوو لە شاڵاوانەدا.
- یارمەتیدان و کۆمەکی تایبەت دانین بکرێ بۆ دا باشکردنی ڕادەی ژیانی کەس وکاری قوربانیانی ئەنفالەکان لە داهاتی بڕیاری ٩٨٦ ی نەوت بەرامبەر خۆراک.

**هەڵسووڕاوانی کەمپینی هەڵەبجە وئەنفال**

**لە بەریتانیا**

٢٠٠٢/٣/٣٠

---

Fax&Phone: 02076819349

©Kurdistan Net